# نەفرەت

## ڤیدیۆ – پێرفۆرمانس

## یەکێک لە کارە هاوچەرخەکانی هونەرمەند گەیلان عەبدوڵڵا

نووسینی. گارا

شێوەکاری

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢٠

jineftin.krd

## نەفرەت

بەشداری هونەرمەند گەیلان عەبدوڵلا لە پێشانگای (جەستەی بینراو، جەستەی نەبینراو)[1]

هونەرمەند ***گەیلان عەبدوڵلا*** ناوی (نەفرەت)ی لە کارەکەی ناوە و لە شێوەی ڤیدیۆ-پێرفۆرمانس نیشانیداوە و لە هەمان کاتدا دەکرێ وەکو کارێکی ڤیدیۆ- ئەنستلەیشنیش ببینرێ. ئەو ئەم کارەی لە ساڵی 2015 لە پاریس دروستکردووە و بۆ یەکەمجار لەم پێشانگایەدا بەشداری پێکردووە، تیایدا دوو مۆنیتۆری بەکارهێناوە و بەرامبەر یەک دایناون، هەریەکەی وێنەی دەموچاوی پیاوێک نیشان دەدا کە بەردەوام تف لەوەی دیکە دەکا، هەردوو پیاوەکە هونەرمەند خۆیەتی، لە یەکێک لە ڤیدیۆکاندا بە ڕەنگی ئەکریلیکی ڕەش دەموچاوی خۆی داپۆشیوە و لەوی دیکەیان بە ڕەنگی ئەکریلیکی سپی، بەمەش هونەرمەند دەیەوێ نیشانی بینەرەکانی بدا کە ئەم دوو مرۆڤە سەر بە دوو ڕەگەزی جیاوازن.
وەکو وێنەی مرۆڤەکان و ڕەنگی سەر دەموچاوەکان نیشانی دەدەن ناوەڕۆکی کارەکە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی دژوارە، جۆرێکە لە تووڕەیی و ڕق و ڕەفزکردنی توندی دوو مرۆڤ بۆ یەکدی، بۆیە دەشکرێ ئەم کارە وەکوو ڕەفزکردنی ئەو دوو ڕەگەزە بۆ یەکدی ببینرێ، بەڵام لەڕاستیدا هونەرمەند نایەوێ ئەم دوو ڕەگەزە تف لە یەکتر بکەن و یەکتر ڕەت بکەنەوە.



گەیلان عەبدوڵلا، نەفرەت، ڤیدیۆ - پێرفۆڕمانس، پاریس ٢٠١٥

تفکردن لە یەکدی لە ژیانی ڕۆژانەدا لە ڕقەوە دێت، لە چرکەساتی دەروونێکی لاواز و ڕووخاوەوە دێت، نە عەقل و نە ڕۆح و نە هەست و نە ئەخلاق لەو چرکەساتەدا ئامادەییان هەیە، ئەم ڕەفتارە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە کەسێکەوە دێت کە دەیەوێت کەرامەتی ئەوی دیکە بشکێنی، لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە لەو چرکەساتەدا کەسەکان خۆیان نرخ بۆ خۆدی خۆیان دانانێن، بە واتایەکی تر هەست بە کەرامەتی خۆیان ناکەن.

[1] ئەم پێشانگایە لە ئەمنە سوورەکەی شاری سلێمانی لە 19بۆ25ی مانگی 11 ساڵی 2016 لە بیرۆکە و ڕێکخستنی هونەرمەند ئاڤان سدیق نیشاندرا.

***گەیلان عەبدوڵڵا*** ئەم حاڵەتە ناشیرین و دژوارەی ژیانی ڕۆژانەی کردووە بە کارێکی هونەری، واتا ئەو توانیویەتی ئێسێتیک لە ناشیرینی و دژواری و حاڵەتێکی قێزەوەند بدۆزێتەوە و بیانگۆڕێ بۆ جوانی، ئەمەش پێویستی بە تەکنیک و شێوە و هۆشمەندییەکی هونەری دەبێت لەگەڵ هەڵبژاردنی مەتریاڵ و ڕاوەی گونجاو، بۆیە هونەرمەند گشت پێداویست و کەرەستە و مەتریاڵی پێویستی بۆ ئەم کارە بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە مەبەستی ئەو تەنها کارێکی هونەرییە و نەک کارێکی دۆکیۆمێنیاری. گەیلان عەبدوڵڵا هۆشمەندە بەوەی کە کارەکەی بەهۆی تفکردنەکەوە شعوری قێزەوەند بە بینەر دەگەیەنێ و خۆی دەڵێت: هێندە تفم کرد تاکوو خۆم هێڵەنجم هاتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەو لە گشت هونەرمەندەکانی دیکەی ناو پێشانگاکە زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە ئەم کارە دەبێ وەکوو هونەر ببینرێ و دەڵێت: ئەوەیشی وەکو هونەر سەیری نەکا با نەیبینێ، بەمەش ئەوە ئاشکرا دەکا کە ئەو تف لە بینەرەکان ناکات.

ئەو مەتریاڵانەی کە لەم کارە دەبینرێن پێکهاتوون لە دوو مۆنیتۆر، دەموچاوی دوو پیاو، ڕەنگی ئەکریلیک و تفی هونەرمەند خۆی. لە کاتی دروستکردنی کارەکەیشدا هونەرمەند کامێرایەکی ڤیدیۆ و باغەیەکی ئاوی (شفاف)ی بەکارهێناوە کە لە ڤیدیۆکاندا نابینرێن، باغەکەی لەنێوان کامیراکە و دەموچاوی خۆی داناوە بۆ ئەوەی لەکاتی تفکردنەکەدا، تفەکان بەر کامێراکە نەکەون، پاشان کارەکەی بە دوو مۆنیتۆر بەرامبەر یەک لە قەد دوو دیواری کۆریدۆری ژێرزەمینەکەی ئەمنە سوورەکە لە ئاستی چاوی بینەر داناوە، بە جۆرێک کە بەرچاوی گشت بینەرانی پێشانگاکە بکەوێ و کەس نەتوانێ لێی هەڵبێ، لەبەر ئەوەی گشت بینەرەکان لە کاتی هاتووچۆیان لەناو پێشانگاکەدا دەبوایە بەو کۆریدۆرەدا تێپەڕن کە کارەکەی ***گەیلان عبدوڵڵا***ی تێدایە بۆ ئەوەی بتوانن کارە هونەرییەکانی دیکە ببینن.



گەیلان عەبدوڵڵا، نەفرەت، ڤیدیۆ- پێرفۆڕمانس، پاریس، ٢٠١٥.

ئەم کارە هونەرییە سیفەتێکی دیکەیشی تیدایە کە لە کارەکانی دیکەی ناو پێشانگاکەی جیا دەکاتەوە ئەویش شێوەی کارەکەیە کە لە تیۆرییەکانی هونەری هاوچەرخدا و بە تایبەت لە بابەتی (مەتریاڵ وەکو شێوە، مەتریاڵ وەکو میدیۆم) لە کتێبی پێشانگاکەدا باسمکردووە.[2] گشت کارە هونەرییەکانی پێشانگاکە شێوەیەکی هێندە ڕەقیان لە نێوان خۆیان و بینەرەکان (ئامادەبووان) دانەناوە بە ئەندازەی کارەکەی گەیلان عبدوڵڵا، ئەمەیش بە هۆی دژواری و قێزەوەندی ئەو هەستەیە کە کارەهونەرییەکە دەریدەبڕێ لەلایەکەوە و ئەو ڕێژە تایبەتییەی کە هەنەرمەند لە بینەرەکانی دەگرێ لەلایەکی دیکەوە. شێوە زۆرجار وەکو ڕێزگرتن بەکار دێت نەک تەنها لە کاری هونەری بەڵکوو لە ژیانی ڕۆژانەشدا، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانە دەبێت بە ئێتیک، لە کاتێکدا لەم کارەی ***گەیلان عبدوڵڵا***دا دەبێت بە بەشێک لە ئێستەتیکی گشتی کارەهونەرییەکە.

لە ڕووی پەیوەندی شێوە و ڕاوم و مەتریاڵەوە هونەرمەند (وەکو گوتمان) دوو مۆنیتۆری بەکارهێناوە و لە قەد دوو دیواری بەرامبەر بە يەك داناون.، بەڵام ئەم جۆرە دانانە کارە هونەرییەکە ناکات بە دوو بەشەوە، نایکات بە دوو کاری هونەری جیاواز، بەڵکوو کارەکە وەکوو یەک کاری هونەری دەمێنێتەوە، وەکو یەک کاری هونەریش دەبینرێ و مامەڵەیشی لەگەڵدا دەکرێ، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە دانانە لەلایەکەوە بەشێک لە شێوەی گشتی کارە هونەرییەکە پێکدێنێ، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ڕاوەمەی نێوان هەردوو مۆنیتۆرەکانیش کە بینەرەکانی تێدا تێدەپەرن نابێت بە بۆشایی بەڵکوو وەکو ڕاوی گشتی کارە هونەرییەکە دەمێنێتەوە، واتا بەشێکی دانەبڕاو و گرینگ لە سەرجەم کارە هونەرییەکە پێکدێنێ، لەم حاڵەتەدا شێوە و ڕاوم دەبن بە یەک و بینەرەکان بەناو ڕاوم (فەزا) و شێوەی کارە هونەرییەکەدا تێدەپەڕن بەمەیش ڕاوی کارە هونەرییەکە دەجوڵێنن، دەیشڵەقێنن، کە ئەمەیش دیسانەوە مەبەستی هونەرمەند بووە بۆ درککردنی جەستەیی بینەرەکان بە کارە هونەرییەکە وەکو لە کۆنسێپت و بیرۆکەی پێشانگاکەدا هاتووە (جەستەی بینراو، جەستەی نەبینراو). ئەم پەیوەندییەی (بەریەککەوتنە)ی کارە هونەرییەکە لەگەڵ ئامادەبووانی پێشانگاکە ڕەهەندێکی هاپینینگ بە کارە هونەرییەکە دەبەخشێ کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کاری پێدەکرێ. جگە لە ڕاومە واقیعییەکەی کارە هونەرییەکە کە باسمان لێیکرد لەم کارەی گەیلان عەبدوڵڵادا دوو ڕاوی دیکەش بەدی دەکرێن کە ڕاوی وەهمین و لەناو هەریەک لە مۆنیتۆرەکاندا بوونیان هەیە.

بینەر ئازادە چەند دەتوانێ لە ناو کۆریدۆرەکە (لەناو ڕاومە واقیعییەکەی کارە هونەرییەکە) دەمێنێتەوە و کات بەسەر دەبا، یان بتوانێ بەرامبەر ئەم کارە هونەرییە دژوارە خۆی ڕاگرێ، هەربینەرێک بەتوانای خۆی، بەچاوی خۆی وەکوو تاک ئەم کارەی ***گەیلان عەبدوڵڵا*** دەبینێ، بە جەستەی خۆیشی وەکو تاک هەستی پێدەکا و مامەلەی لەگەڵ دەکا، بەڵام ئەو سیفەتە ئیستیفزازەی کە لە کارەکەدا هەیە شتێک نییە بشاردرێتەوە، ئەمە لەگەڵ گشت ئەو هونەرانەدا دەردەکەوێ کە دەیانەوێ شعوری قێزەوەند دەربڕن ئیدی دەشێ بینەر بەمە تورەبێ یان مچورکە بە لەشیدا بێ و تووشی حاڵەتێکی قێزەوندی بکا، وەکو مەبەستی هونەرمەند بۆ دەستنیشانکردنی سنوورەکانی

[2] ئەم کتێبە هێشتا چاپ نەبووە.

جەستەی بینەرە جیاوازەکان، بۆ ئەوەی بینەر خۆی وەکو تاک بتوانێ درک بە لایەنە لاواز و بەهێزەکانی خۆی بکات، وەکو ئەوەی کە هونەرمەند ***ڕەنج حیکمەت***یش (لە هەمان پێشانگادا) ئەمەی بە جۆرێکی تر لە کارەکەیدا نیشانداوە. هەندێ لە بینەرەکان بوێرانە بەرامبەر کارەکە دەوەستن بە واتایەکی دی دەتوانن لەناوکارە هونەرییەکەدا چەند چرکەساتێک زیاتر بمێننەوە کە ئەستەمە لەو چرکەساتانەدا بینەر ئەوە بزانێ ئەم کارە نەک تەنها بۆ بینینە بەڵکوو بۆ تاقیکردنەوەی جەستەیشە، بۆ هەستکردن بە سنوورەکانی لەشێتی لە ڕووی دەروونی و فیزیکییەوە. هەندێ لە بینەرانیش بە پەلە لە بەینی ڤیدیۆکانەوە تێدەپەڕن و تەحەمولی بینینیان ناکەن و لەوانەشە پێی تێکچن یان تووشی شەڕانگێزی بن و لە دڵی خۆیانیشدا لەوانەیە هونەرمەندەکە بەر تف و نەعلەت بکەن بۆ ئەوەی کە خۆیان لەو شەڕانگێزییە بەتاڵ بکەنەوە، ئەم دیاردەیەیش هونەرمەندە فوتوریستەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم دێنێتەوە یادمان کە مارینێتیان بەر تف و نەعلەتکرد[3]. بەم جۆرە لەم کارەی گەیلان عەبدوڵڵادا ڕەهەندێکی فوتوریستی نوێیش بەدی دەکرێ.

***گەیلان عەبدوڵڵا*** جەستەی خۆی بۆ ئەم کارەی بەکارهێناوە و سوودی لە جەستەی ئامادەبووان (بینەران)ی پێشانگاکەش وەرگرتووە وەکوو ئەوەی لەکارەکانی **ئاڤان سدیق** و ***ڕەنج حیکمەت***دا لە هەمان پێشانگا هاتووە. بەمجۆرە جەستە لێرەدا میدیۆمیشە بۆ گەیاندنی مانای کارە هونەرییەکە. بینەر لەم حاڵەتەی کارەکەی گەیلان عەبدوڵڵادا ڕاستەوخۆ بەرجەستەی هونەرمەند ناکەوێ وەکوو لە حاڵەتی هونەری پێرفۆرمانس بەڵکوو تەنها وێنەی دوو دەموچاو لە نێوان دوو مۆنیتۆرەوە دەبینێ کە سنوورێکی توند



گەیلان عەبدوڵڵا، نەفرەت، ڤیدیۆ – پێرفۆرمانس، پاریس، ٢٠١٥.

---

[3] هونەرمەندە فوتوریستەکان هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە خواستی هونەری جوڵاوەیان هەبوو. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە کتێبی هونەری شێوەکاری مۆدێرن لاپەرە 186 بۆ222 کە لەلایەن نووسەری ئەم وتارەوە نووسراوە و لە ساڵی 2005 لە دەستگای ئاراس لە هەولێر چاپکراوە.

جیایان دەکاتەوە ئەوەیش خودی مۆنیتۆرەکەیە، ئەمەیش ئەو جیاوازییەیە لە نێوان هونەری پێرفۆرمانس و هونەری ڤیدیۆپێرفۆرمانس.

هێنانە ناوەوەی بینەریش بۆ ناو ڕاوی کارە هونەرییەکە، کە بە ئەڵمانی (ئەنتەردیرتن بتراختەر Intendierten Betrachter) پێدەگوترێ وەکوو ئەوەی کە لە کارەکەی ڕەنج حیکمەت و ئاڤان سدیقیشدا لە هەمان پێشانگا دەبینرێن دیاردەیەکی هونەری هاوچەرخە کە زیاتر لە هونەری پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە کاری هونەرمەندەکانی هەپینینگدا دەرکەوتووە، ئەمەیش دەشێ وەکوو بەشێ لە پەیامی کارەکە بۆ بەستنەوەی هونەر بە ژیانەوە ببینرێ، وەکوو لایەنێ لە پەیامی پێشانگاکە بە گشتی کە لە گشت ئەو دوای کارە هونەرییەکاندا بە جۆری جیا جیا بەدی دەکرێ، بە واتایەکی دی وەکو پەیوەندی کارە هونەرییەکە بە بینەرەکانییەوە.
بەمجۆرە ***گەیلان عەبدوڵلا*** بە کارێکی هونەی بەشداری لەم پێشانگایە دەکا کە گشت سیفەتەکانی هونەری قێزەوەند (ئەبجەکت ئارت Abject art) لەخۆ دەگرێ، ئەمەیش جۆرێکی نوێیە لە هونەری شێوەکاری پاش دووەمین جەنگی جیهانی و زیاتر لە کارەکانی هونەرمەندی ئەمریکی هاوچەرخ ***سندی شێرمان*** Cindy Shermann دەرکەوتووە و فەیلەسوفی فەرەنسی (بەرەچەڵەک بولغاری) ***ژولیا کرستیڤا*** Julia Kristeva یەکێکە کە کاری تیۆری لەسەر کردووە، هەرچەندە لە رووی شێوە و راوم و مەتریاڵەوە ئەم کارە پەیوەندی لەگەڵ کارەکانی (سندی شێرمان)دا نییە.
لە کۆتاییدا هونەرمەند گەیلان عەبدوڵلا نەیویستووە بە کارێکی هێمن و خامۆش لەم پێشانگایەدا بەشداربێت بەڵکوو بە کارێکی دژوار و هار و هاج. ئەمە کارێکە نەک تەنها بۆ بینین بەڵکوو وەکوو گشت ئەو دوای کارەکانی پێشانگاکە بۆ درکپێکردن لە نێوان جەستەوە، بەم کارەش هونەرمەند گەیلان عەبدوڵلا مەبەستی خۆی و بیرۆکەی پێشانگاکەی پێکاوە.

## تێبینی:

١-لەم نووسینەمدا ناوی سەرچاوەکانم نەنووسیوە، لەبەر ئەوەی ئەمە بەشێکە لە پرۆژەی کتێبێک دەربارەی پێشانگاکە (جەستەی بینراو، جەستەی نەبینراو) کە چاوەڕوانی چاپکردن دەکات، لەوێ من ناوی گشت سەرچاوە زانستییەکانم نووسیوە.

٢- ئەم نووسینە جارێکیتر لە گۆڤاری رامان لە ئاداری ٢٠٢٠، ژمارە ٢٧٤ بڵاوکراوەتەوە.